

# کتێب

**حوسێن شێربەگی**
**(بۆکان)**

هەمووان دەڵێن: گەنجی، لاوی؛ سەردەمی گەنجی و لاوی، بەڵام بێتو لەسەر ئەم دنیایە هیچ کەسم لەگەڵدا نەبێ و بە تاکوتەنێ بمێنمەوە، باکم نییە و بە تەنیا خۆم دەنەڕێنم: منداڵی، منداڵی.

منداڵیی من ئاوها بوو، منداڵیی ئێوە نازانم؛ کەیفی خۆتانە. خۆش بوو، خۆشە سەردەمی منداڵی؛ بەڕاستی خۆشە ئەو سەردەمە، شەوان و ڕۆژگاری شیرین و ڕەنگینی پڕ لە خەون و خولیا و تاسە بۆ داهاتووی گەش!! ئەوە نییە ئێستا تەمەنم بیست ساڵانە و لە پۆلی چواری دواناوەندیدام، بەڵام ڕۆژگارم هیچ ناهێنێ!!

پاش تێپەڕبوونی ئەم گشت ساڵەی وا بە سەر عەیامی منداڵیمدا هاتووە و چووە، ئێستاش کە چاوەکانم دەنێمە سەر یەک، هەر بە باڵلێدان و هەڵفڕین دەگەڕێمەوە بۆ ئەوێ ڕۆژان، ڕۆژانی منداڵیم؛ ئەو ڕۆژانەی تازە چووبوومە قوتابخانە. دەماودەمی نەورۆز کە سەرما دەهات و دەچوو و کەوتبووە قوونەجووڵە و وردەوردە شنەی بلاوێن بەفری دەتواندەوە و سارات و باغ و کۆڵان و شەقام بۆ گەمەی منداڵ خۆش و دڵڕفێن دەبوو، ئێمە، منداڵ و مێردمنداڵ خولەک بە خولەک دەمانبژارد و پەلەپەلی گەیشتنی ڕۆژانی چوارشەممەسووری و چلەقاوان و نەورۆزمان بوو.

ئاگری چلەقاوان و چارشەمبەسووری و شەوی نەورۆز وزەی لا نەدەهێشتین و بێ ئۆقرەیی و چاوەنواڕی حەجمینی لا نەهێشتبووین.

شەوێک لەو شەوانەی ڕۆژگاری کۆتایی ساڵی کۆن و نێزیکبوونەوەی ساڵی تازە، بابم من و برا چووکەکەمی قاو کرد و لێمانی پرسی: ڕۆڵە، بۆ نەورۆزانەی ئەمساڵتان چیتان دەوێ؟ برا گچکەکەم وەک هەمیشە کەوتە هاوار و پاڕانەوە و باڵە فڕکە: جووجەڵە، جووجەڵە کەڵەشێرێکی سپی قولّی بێ نیشان!

بەڵام من جووجەڵەم نەدەویست، من هەر کەرەت و هەر عەیامێک فیکرم بۆ لایەکی جیاواز دەچوو، ئەو شەوەش لە

وڵامی پرسیاری باوکمدا نەڕاندم: تۆپ، تۆپ. تۆپێکی چەرمی حەوت ڕەنگم دەوێ، تۆپ، تۆپ.

جا کە باوکە تۆپی بۆ کڕیم، دەگەڵ منداڵانی گەڕەک بەربووینە فووتبۆڵ و فووتبۆڵ و فووتبۆڵ. بڕوا بکەن فووتبۆڵێک بوو شارمان شێواندبوو! هەڵاتن و وەشوێن تۆپ کەوتن، نەڕاندن و هات و هاوار و نەڕاندن: پاس، پاس، عەلی پاس. هەی لاقت شکێ بۆ شووتت، دەک کوێر بی بۆ گۆڵێربوونت، ئای لە بابت بم بۆ پاست، هەک ئەستۆت بە ئەسپۆن بێ.

گەڕەک و کۆڵانمان دەکردە مەیدانی جەنگی جیهانی، دەست شکاو و سەر و پەنجە و لاق و لووت، بڕواتان هەبێ شادمانترین و ڕەنگامەترین ڕۆژانی تەمەنمان بوو. بریا دەتانزانی چ فەخرێکم دەفرۆشت و چ فیز و ئیفادەیەکم لێ دەدا کە تۆپ تۆپی منە و ئەم گشت منداڵە بە تۆپی من یاری دەکەن!

لەمەش گرینگتر ئەوە بوو، منداڵانی کۆڵانی خۆمان چ فەخر و پۆزێکیان لێ دەدا کە کۆڵانی ئێمە تۆپی ڕاستی هەیە و بە تۆپی چەرمی و ڕاستی گەمە و یاری و فووتبۆڵ دەکەین و منداڵانی کۆڵان و گەڕەکی دیکە دێنە تەماشا و سەیرانی تۆپین و فووتبۆڵی ئێمە.

باوەڕ بکەن تاموچێژ و شادمانیی خاوەن تۆپ بوون و یاریی فووتبۆڵ بە تۆپی چەرمین لە تاموچێژی خواردنی قوڕابی و کشمیش و لەبلەبی و نوقڵی سووریش شیرینتر و خۆشتر بوو. هەر لە سایەی ئەم تۆپەدا منداڵانی گەڕەکی ئێمە فووتبۆڵێکی باش فێر بووین و لە قوتابخانەش گرووپی فووتبۆڵی قوتابخانە هەر گرووپەکەی کۆڵانی خۆمان بوو، ئەمە هیچ، ساڵانی دوایی لە ئاستی شارەکەشماندا باشترین یاریزان هەر ئەوانەی کۆڵانی ئێمە بوون، ئاخ چ ڕۆژگار و سەردەمانێک بوو.

بەڵام ژیان ڕووبارێکە و ڕووبار هەر خوڕەی دێ و دەخوشێ و دەڕوا و دەنگ و ڕەنگ و دیمەن دەگۆڕێ. کەسان و کەسایەتی و پرس و ڕووداو، یەک بە دوای یەکدا دێن و دەڕۆن و جێگا بۆ تازەهاتووان جێ دێڵن!!

ساڵ بە دوای ساڵدا دەهاتن و دەڕۆیشتن و تێپەڕ دەبوون و هەموو ڕابواردن و کەیف و خۆشیی ئێمە لە ژیاندا بووبووە تۆپ و فووتبۆڵ: لە ژوورەکاندا، لە حەساری ماڵەوەدا، لە کۆڵان و قوتابخانە و لە کەنار و قەراغ شاردا، تۆپ و فووتبۆڵ و تۆپ و فووتبۆڵ.

ئاوەها دەهات و دەڕۆی تا لەناکاو شەوێک لە شەوگاری سەرەتای پاییز، باوکم ماڵە جیرانێکی دیواربەدیواری ماڵەکەمانی بانگهێشت کردبوو. لە پاش شێوکردن ژنان لە ژوورێک و منداڵان لە هەموو ژوورەکان و باوکم و کابرای میوان لە ژوورێکی دووبەدوودا دەست کرا بە قسەوباس و گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بیرەوەرییەکان. لەپڕ باوکم هەرای لێ کردین: منداڵ، هۆ منداڵ، یاری و گەمە بەسە، وەرن بابەئەحمەد قایەتمان بۆ دەڵێ.

من و براکەم و سێ کوڕی ماڵە جیران کە لەبەر هات و هاوار و هەڵات هەڵات کەمی مابوو ماڵەکە وێران کەین، لە خۆشی خۆشیی قایەتدا یاریمان بەس کرد و چووینە ژووری بابم و میوان، بەئەدەب و هێدی دانیشتین، چاومان لە چاوی میوان بڕی و سەروگوێمان بردە پێشەوە. باوکم ڕووی کردە میوان و وتی: دەی فەرموو.

بابەحمەد سێ جار کۆکی، سینەی ساف کرد و بە دەنگێکی زوڵاڵ و پڕ لە هەست و کەفوکوڵی گەنجێک کە بیرەوەریی ئەویندارییی کاتی خۆی سەرخۆشی کردبێ، دەستی پێ کرد:

«دەمادەمی بەیان سوپای ئێران و توران لە هەمبەر یەکدیدا بە ڕیزە و تەرتیب و ئاهەنگ ڕیزیان گرت. فەرماندەرانی دوو سوپا حوکمیان بە دەهۆڵژەن و شەیپوورچیی خۆیان کرد: یاڵڵا بیژەنن!! دەهۆڵژەن و شەیپوورچی دەستیان پێ کرد. دەنگی دەهۆڵ عەردی دەهەژاند، کوتەکوتی داویشتە دڵ و دەروونەوە و گوێچکە و پەردەی گوێچکەی دەلەرزاندەوە، بەڵام ئەوەی حەشامەتی سەرخۆش دەکرد، دەنگی شەیپوور بوو. ئەوە دەنگی شەیپوور بوو کە ئاوازی ساز دەکرد و ئاواز لە دووی ئاوازی دەگۆڕی و جەماوەری بۆ شەهیدبوون هان دەدا.

کابرای قایەتخوان دەستی بە نەقڵی ڕۆستەمی زاڵ کرد. بە هەست و سۆز و گوڕ و تینێکی زۆرەوە دەیگێڕاوە و هەر ڕستەیەکی دەیکوت، نەیدەکوتەوە. لە خەیاڵاتی خۆیدا گەڕابووەوە بۆ ڕۆژگاری لاوەتیی خۆی. بیرەوەریی تەمەنی گەنجی هەڵیگرتبوو و گەڕاندبوویەوە بۆ ئەویندارییی و ڕکابەری ئەوین دەگەڵ غەنیم و زۆر بیرەوەری خۆش و شیرینی دیکەش، هەر بۆیە کە وەسفی دەهۆڵکوتانی دەکرد، دەتکوت دەهۆڵ دەژەنێ، بەڵام

وەسـفکردنی شـەیپـوور شـتـێکی دیکە بـوو! چەند ڕستەیەکی وەسفی شەیپوورژەنینی کرد و لەناکاو لە بەر پشـتـوێنەکەی شـەیپـوورێکی دەرهێنا و دەسـتی کـرد بە ژەنین!

هەر ئەو ژەنینە بوو کـە ئەوینی فـوتبـۆڵی لە مندا کـوشت و ئەوینی شەیپووری لە دڵمدا کردە درەختێکی هەزار لکوپۆپ کە هەردەم لە نمۆ و زیادکردندا بوو. ئیدی لە تەواوی قـایەتی ئەو شـەوەی کـابرا بەس شـەیپـوور و دەنگی شـەیپـوورم لە یادە و هیـچی دیکە. لە خـەیاڵمـدا بووبـوومـە شـەیپـوورژەن. شـەیپـوورم دەژەنی و خـەڵکی گەڕەکم هان دەدا بۆ یارمەتیی گرووپی فووتبۆڵی گەڕەک، شـەیپـوورم دەژەنی و خـەڵکم هان دەدا بۆ بەگژداچوونی خراپە و مرۆڤی بەدکارە و بەدفەڕ، شـەیپـوورم دەژەنی و منداڵی گـەڕەکم کـۆ دەکـردەوە، وەدوای خـۆم دەخـستن بۆ سارات، بۆ باغ و مەزرا، بۆ قوتابخانە.

بەو شـێوەیە ئەوینی شـەیپـوور ڕەگوڕیشـەی وا لە دڵ و دەروونمدا داچەقاند لەوانەبوو شێت و شەیدا بم و بکەومە چۆڵ و سارات. شەو نەبوو خەون بە شەیپوورەوە نەبینم، ڕۆژ نەبوو لە پشت جـامی دوکـانەکـان چاو لە شـەیپـوور نەگێرم و نرخی شەیپوور نەپرسم!

ئەوینی شەیپوور وای کرد ڕۆژێک بەبێ هۆشوگۆش خۆم بە دوکانی بابمدا کرد، لەلای خوارەوەی دوکان ڕاوەستام، مـتـەقم نەکرد و کـەڕ و لاڵ چەقـیم و چاوم لە چاوی باوکم بڕی. چاوم لە ڕوخـــســـاری باوکم بڕیبـــوو، دەمم وەک دەروازەی شکاو کـرابووەوە، ئاخری هێندە سـەرم لەگـەڵ هاتوچۆی باوکم وەرسـوڕاند و هیـچم نەکـوت، باوکم وەزاڵە هات و پرسـیـاری لێ کـردم: چیـیـە ڕۆڵـە بۆ لاڵ بووی؟ بۆ هیچ ناڵێی؟ کەشـتـیـەکانت نوقم بوون؟ دەی لاڵ مەبە و شتێک بڵێ؟

بە ترس و لەرزەوە وتم: شەیپوور، شەیپوور، شەیپوورم دەوێ!

ئەمـەم وت و خـۆم بۆ هەمـوو کـوتان و تێـهـەڵدانێک ئامادە کردبوو. باوکم بە سەرسوڕمانەوە چەند نیگایەکی سەیروسەمەرەی کردم و وتی: ئەو شەیپوورەی دەتهەوێ بایی چەندە؟

لەوانەبوو فـجـە بکەم، لەوانەبوو جەڵغەی دڵ بکەم و مەرگی مفاجات لە عەرزم کوتێ. بە هەزار خۆفەوە کوتم: سێ تمەن، تەنیا سێ تمەن.

باوکم پرسی: بۆ چیتە؟ دەبی بە لۆتی؟ لەگەڵ گرووپی شایەران زەماوەند دەگێڕی؟

نا، باوکـە، نا، بۆ یاریی فـووتبـۆڵم دەوێ، بۆ هاندانی جەماوەری گرووپی خۆمان.

پرسـیـارت کـردووە؟ شـەیپـوورێکی باشـە؟ سێ تمەن دێنێ؟

زۆر سـووک و ئاسـان دەستی بە گـیـرفـانیـدا کـرد، سێ تمەنی پێدام و وتی شەوانە لە ماڵێ بڕێکم بۆ لێدە!!

شـەیپـوور کـڕا و لەگـەڵ بانگی عـەسـر لە نێـوەڕاسـتی کـۆڵان لە شـەیپـوورم تووڕاند و گـازەم کـرد: «منداڵی گەڕەک، سەر بنە خەڕەک/ وەرنە دەرێ بۆ شەڕە گەڕەک، بێنە دەرێ، توێکڵـە شـووتی هەڵدەپەڕێ، دێنە دەرێ، وەرنە دەرکێ نایەنە دەرێ چاوتان دەرێ.

پاش ئەوەی بە چەند کەڕەت شەیپوورژەنین و چەند گازە و بانگەواز منداڵ لە مـاڵ هاتنە دەر و کـۆبـووینەوە، بە منداڵانم ڕاگـەیاند: دۆسـتـان گـوێ بگرن، گـوێ گـرن! لەمـەودوا هەرکـات دەنگی ئەم شەیپوورەتان هاتە گوێ، خێـرا خـۆتان بگەیەننە ئەم شـوێنە، هەروەها بە منداڵانم ڕاگـەیاند: ئێـمـە منداڵی گـەڕەکی «کـشـمـیش خواردن» سـاڵانێکی زۆرە لەگـەڵ منداڵی گـەڕەکی «گـوێـخـواردن» دوژمنایەتی و شـەڕ و کێشـەمـانە، ئەمڕۆ بە دەنگی ئەم شـەیپـوورە دوژمنایەتی و دەسـتـپـێکی شـەڕمـانیـان پێ ڕادەگەیەنین و هێرشیان دەکەینە سەر!

دەیجا، بەم چەشنە هەر ڕۆژێک لەگەڵکوو لە شەیپوورم دەتووڕاند، منداڵ بە غاردان دەگەیشتنە شوێنی وەکۆبوون و ڕیزیان دەبەست. لە دوای قسـەوباس و قـەراروبڕیە پۆل پۆل دەبوون و هەروەک سێڵاو و هەورەتریشقـە بە هەرا و زەنا و هاتوهاوار و نەڕە و گـوڕەوە هەڵیـاندەکـوتایە سـەر گەڕەکی دوژمن.

ئای چ شادمانی و خۆشییەک دەڕژایە دڵ و دەروونمەوە! ئای ئەم هێـرش و هەشـاوڵ و شـەڕ و کـێـشـەیە چەنێ کەیفکردن و تاموچێژی لە لا بوو! منداڵ سـەری دەشکا، لووتی خـــوێنی لێ دەهات، ئەم ئەندام و ئەو ئەندامی زامار دەبوو، ئەمانە هیچی گرینگ نەبوون؛ گرینگ ئەوە بوو ئێـمـە منداڵانی گـەڕەکی کـشـمـیش خـواردن وەک جەنگێکی ڕاستەقینە بە دەنگی شەیپوور وەکۆ دەبووین، بە دەنگی شـەیپـوور هێـرشـمـان دەکـردە سـەر منداڵانی گەڕەکی دوژمن و ئەم شەیپوورەش ئی من بوو.

یادی بەخـێـر هەر لەو عـەیام و سـەردەمـدا هەر لەوێ سـالانـدا، ئەو سـالـەی پۆلی چوارەممان دەخـــوێند،

مامۆستایەکمان بوو کە زۆر جار لە سەعاتی «ئینشا»دا کتێبی بۆ دەخوێندینەوە و قسەوباسی کتێبە شیعر و چیرۆکی بۆ دەکردین و بەرەو متالاَ و خوێندنەوەی ئەم چەشنە کتێبانە ڕێنوێنیی دەکردین.

تەواوەن تەواو نا، بەلاَم کەم کەم و بەرەبەرە لە شەیپوور ژەنین کەم بووەوە، لە شەڕە گەڕەک و شەڕە کۆلاَن کەم بووەوە، کەم کەم کتێب دەهاتە ژیانمانەوە، متالاَی چیرۆک و شیعر دەهاتە ژیانمانەوە. یادی ئەو مامۆستایە و ئەو دۆستان و هاوپۆلانەش بەخێر کە سالاَنی پڕ بیرەوەری و بیرەوەریی ئالتوونییان لە دلمدا بەجێ هێشت و لە یادمدا زیندوون.

بەرەبەرە بووینە ڕمووەدەی کتێب و قسەوباسی شیعر و چیرۆک و بە دەم ئەمانەوە قسەوباسی ئازادی و ڕزگاری و ڕاپەڕین و عەدالەت و دیموکراسییەت و سەربوردەی گەورەپیاوان و گەورەنووسەران و شاعیران و بەرەبەرە ئاشنابوون لەگەڵ مێژووی نەتەوەکان و ولاَتان و دەیان و سەدان پرس و قسەوباسی دیکەش.

وای لێ هات هەر کتێبێک دەگەیشتە دەستمان، دەستاودەستی دەکرد و هەموو دۆستان و هاوپۆلەکان و منداڵی گەڕەک دەمانخوێندەوە و شیکاری و لێکدانەوە و قسەوباسمان لەسەر دەکرد. ئەم جار ئیدی پوولی گیرفانی ئێمە نەدەدرا بە چلسە و غوڕابی و شیرینی و میوەجات، هەموو تەرخانی کتێب کڕین دەبوو. ئیدی پارەی ڕۆژانە و جەژنانە و نەورۆزانە و ئەو وردەپوولەی لە کڕینی سەوزە و میوەجات بۆ مالەوە دەماوە و ئی ئێمە بوو، هەموو تەرخانی کتێب کڕین دەکرا. ئای چەندێکمان کتێب خوێندەوە و چەندە چیرۆک و شیعرمان خوێندەوە! لە سەلیم جەوهەری و چوار دەروێش و ڕۆستەمنامەوە بۆ کتێبی پۆلیسی و جینایەت و مێژوویی و ئەویندارى و عاشقانەی سانتی مانتالەوە بۆ هێمن و هەژار و گۆران و هەردی و بێکەس و لەتیف هەلمەت و تا دەگاتە هیدایەت و کافکا و شاملو و عەبدوللا سەراج و حسێن عارف و عارەبی شەمۆ و...تاد.

لەیادم بێ، لە هەمان سالاَنی خولی سەرەتاییدا کتێبێکی گچکەی سەیر سەرنجی بەرەو خۆی ڕاکێشاین. ئەو چیرۆکە خەبات و نەتەوەخۆشویستن و ڕاپەڕین بۆ ڕزگاری و چالاکی و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی ماف و عەدالەت و ڕزگاری باس دەکرد. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا پالەوانی چیرۆکەکە داوای لە خوێنەران دەکرد تا ئەوانیش ڕاپەڕن و بۆ وەدەستهێنانی دیموکراسی و ئازادی چالاکی بکەن و «باشە» سەرخەن و «خەراپە» تەفروتوونا کەن!

لەوان سالاَندا «خەراپە» منداڵان و خەڵکی گەڕەکی دوژمن و «باشە»ش منداڵان و خەڵکی گەڕەکی خۆمان بوون، گەڕەکی کشمیشخۆرەکان! کاتێ هەموو منداڵی گەڕەکی کشمیشخۆرەکان ئەو کتێبەیان خوێندەوە و شیکاری و قسەوباس کردن لەسەری تەواو بوو، هەموو منداڵانی گەڕەکی خۆمان بڕیارمان دا سوپایەکی زۆر گەورە ساز کەین و هەڵکوتینە سەر گەڕەکی دوژمن و ئەو گەڕەک و خەڵک و منداڵانە لە نێوان بشۆینەوە!

لەو کاتەوە ئەم بڕیارەمان دا، هەموو ئێواران کە لە فێرگە دەگەڕاینەوە، گیرفانەکانمان پڕ دەکرد لە ورکەبەرد و هەڵمان دەکوتایە سەر ئەوێ گەڕەک و لە نێوانماندا دەبووە شەڕەدار و شەڕەبەرد و شەڕەشەپ و...تاد.

ئەم کارە دووپات و چەند پات بووەوە و تا وای لێ هات خەڵکی ئەوێندەرێ بە منداڵ و گەنج و ژن و پیاوەوە، وەگیان هاتن و کەوتنە دۆزینەوەی چارەسەری ئەم کارە.

دیسانەکەش ئێوارەیەک لە قوتابخانە گەڕاینەوە، کیف و کتێبی قوتابخانەمان لە کۆلاَنەوە بە سەر دیواردا حەوا دایە حەوشە و حەساری مالمان، بەردمان لە گیرفان ئاخنی و دارەدەستمان بە دەستەوە گرت و بەبێ خەبەر لەوەی خەڵکی گەڕەکی دوژمن چ خەونێکیان بۆ بینیوین و چ شۆڕبایەکیان بۆ لێناوین، هەلمانکوتایە سەریان. هەر ئەوەندەمان خۆش بوو چووینە نێو یەکەم کۆلاَنی دوژمنانەوە، منداڵی دوژمن لە بەرمان کشانەوە، کشانەوە، کشانەوە تا گەیشتینە نێوەڕاستی کۆلاَن، جا وەرە لە دەرک و بان و سەربان و هەورەبان و نێوکۆلاَنەوە هەڵکوتنە سەرمان، چیت خواردووە؟ قاوت و گەزۆ! کوێت دێشێ؟ دیان و بناگوێ و تەپلی سەر و دەست و شان و قاچ و قول! پیر و گەنج و منداڵ و پیاو و ژنی گەڕەکی دوژمن کوتانێکیان لێداین، کوتانێکیان لێداین و هێندیان کوتاین عارەب لە گامێشی نەدابێ! بەڕاستی لە نێو ئێمەدا کەسمان نەبووین سەرشکاو و دەست و پەنجە شکاو و لاقوقول زامدار و بریندار نەبێ. کەسمان نەبوو، بە بانگ و سەلاَ و بابەڕۆ بابەڕۆ نەگری و چلم و لیکی تێکەڵ نەبووبێ! لەوە خراپتر ئەوە بوو: کاتێ بەم چەشنە تێهەلدراو و سەرودەست شکاو گەڕاینەوە مالی

خۆمان، جا وەرە لە ماڵی خۆمان دایک و باب و گەورەکان چەندیان کوتاین و تێیانهەڵدایین و دارکارییان کردین! پێم وابێ پێشتر خەڵکی هەردوو گەڕەک هاودەنگییان کردبوو و ئەم دۆکوڵێوەیان بۆ لێنابووین!

پۆلی هەڤاڵ و منداڵی گەڕەکی کشمیشخواردن بە زورەزوری گریان و دەست و سەر و گوێ خوێناوی وەک سوپایەکی دارماوی تێکشکاوی سەرشۆڕ گەڕاینەوە گەڕەکی خۆمان و ڕۆیشتینەوە ماڵەکانمان. سەیر لەوەدا بوو، نە دای و باب و نە براگەورە و خوشکەگەورە، هیچیان لێمانیان نەپرسی: چی بووە؟ چیتان بە سەر هاتووە؟ ئەوە بۆ ئاوا تۆزاوی و خۆڵاوی و گەوزاو و دەستولاق و سەروگوێ زامدارن؟ بەس هەر ئەوانیش برێکیان بۆ داگرتینەوە!

بۆیە دەڵێم وا دیار بوو ئەم بەڵایە بە پیلان و هاودەنگی گەورەکانی هەردوو گەڕەک بە سەرمان هاتبوو! شەوێ لە پاش شیوخواردن پرسیارم لە بابم کرد: ئەرێ بابە! پاڵەوانێکی لە شەڕدا تێکشکێ دەبێ چی بکات؟

ڕۆژی دوایە لە قوتابخانە هەر ئەم پرسیارەم لە مامۆستاکەشمان کرد! سەیر لەوەدا بوو هەردووکیان یەک وڵامیان پێ دامەوە!

"پاڵەوانی بەڕاستی هەرگیز پێی وانییە تێکشکاوە و هەرگیز تێکناشکێ، پاڵەوان لە پاش هەر کەوتنێکی کاتی دەست دەکات بە شیکاری ئەو پرس و کێشەیە و هەڵسەنگاندن و متالای هەمەلایەنەی کارەکە، تا گرێکوێرەی کار و خاڵی لاوازیی پلانی خۆی بدۆزێتەوە، چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە و لە پلانی داهاتوودا ئەم هەڵە و لاوازییانەی نەبێ و سەرکەوێ. دەبێ بیر کاتەوە، دەگەڵ دۆستانی دیالۆگ بکات! پرسەکە شیکاری کەن و سەرلەنوێ پلانی باشتری بۆ دابڕێژن. نائومێد نەبن، هیوادار بن و بە ئینێرجی پۆزێتیڤەوە تێهەڵچنەوە!

مامۆستا لەوە دەچوو ئەم کار و کارەساتەی ئێمەیان بۆ گێڕابووەوە و لە پاش تەواوبوونی وتەکانی، کتێبێکی دامێ و بۆ درێژەی وتەکانی تێهەڵچووەوە: ئەم کتێبە زۆر باش دوو سێ جار بخوێنەوە، بیدە بە دۆستانت ئەوانیش بیخوێننەوە، پاشان بە کۆڕ قسەوباسی لەسەر بکەن، پاشان لە یانەشدا دەیدەینە قوتابییەکان تا هەموان بیخوێننەوە، جا دوایی هەر لە یانەدا لێکدانەوە و شیکاری کاملی لەسەر دەکەین!

ئاخ، یادی بەخێر ئەو مامۆستایە، یادی بەخێر ئەو کتێبە، بەڕاستی ڕێگەی ژیانی گۆڕین. من و هەڤاڵانم ئەو کتێبەمان خوێندەوە. نەک کەرەتێک، بە سێ چوار چەشن خوێندمانەوە، بە تاکوتەنێ، دووبەدوو، چەند کەسە پێکەوە! چەندان کەرەت خوێندمانەوە. چەند ئێوارەیەک لە ماڵانمان کۆ بوووینەوە، خوێندمانەوە، قسەوباسمان لەسەر کرد، دیالۆگمان کرد، پاشان لە یانەش خوێنرایەوە، مامۆستا و هەڤاڵەکان و منداڵانی گەڕەکی ئێمە و هاوپۆلەکان کۆڕمان بۆ گرت و چەند کۆڕ و دیالۆگمان لەسەر سازدا. بڕوام پێ دەکەن؟ سوێندتان بۆ دەخۆم، بڕواتان هەبێ پاش خوێندنەوەی ئەو کتێبە و ئەو چەند کۆڕەی بۆمان گرت و پاش ئەو قسەوباسانە ئیدی ئەو هەڤاڵ و منداڵانە هیچمان کردە و فیکر و ئاکارمان وەک ڕابوردوو نەما؛ هەموو بووینە کەسێکی دیکە و خاوەن فیکر و ئاکار و کردەیەکی دیکە. ئەودەم پۆلی دووی ناوەندی بووین. ئیدی هەرگیز هێرشمان نەکردە سەر ئەو گەڕەکەی پێمان گەڕەکی «دوژمن» بوو؛ ئێمە ئیدی هەرگیز خەڵکی ئەو گەڕەک و گەڕەکەکانی دیکەمان بە دوژمن دانەنا! مامۆستا پێمانی کوت ئێوە خەڵکی ئەم گەڕەکانە و منداڵانی ئەو گەڕەکە جیاوازانە دوژمنی یەکدی نین، ئێوە دۆست و برادەر و هاوپرسی یەکدین و دوژمنی هاوبەشتان هەیە!!

دەبا سەرتان نەیەشێنم، ڕۆژێک لە ڕۆژان وەکۆبووین و بە نێونجیگەری مامۆستا و دای و بابی دوو گەڕەک هەڤاڵانی ئێمە بڕیارمان دا بچین بۆ ئەوێ گەڕەک و داوای لێبوردن بکەین و لەگەڵیان ئاشت بینەوە. ئەم کارەشمان کرد، ئای ئای ئای چ ڕۆژێک بوو، چ ڕۆژێک!

هەموو منداڵان و هەڤاڵانی گەڕەکی ئێمە و مامۆستا و دای و باب چووین بۆ ئەوێ گەڕەک، لە حەساری یەکێک لە قوتابخانەکاندا کێبڕکێی فووتبۆڵ و پرسیاری زانستی و هونەری و ئەدەبمان کرد. شیرینی و میوەمان خوارد، خوشک و برا گەورە و دای و بابی منداڵانی ئەوێ گەڕەکیش هاتبوون. هەموو گەورە و گچکە یەکدیمان ماچ کرد و تەوقەمان کرد و بڕیاری برایەتی و یەکبوونمان دا. یادی بەخێر ئەو ڕۆژە و یادیان بەخێر ئەوێ ڕۆژان، بەڵام بەڕاستی ئەمە سیحر و جادووی کتێب بوو، کتێب.

ئەوە بوو ئینشای من. خۆش بن، مامۆستا و دۆستانی من!